# وەرگێڕان لە زمانی ئاماژەدا زماني كوردي بەنموونة



| | | | |
|---|---|---|---|
| د.سازان ڕەزا معین پلەی زانستی / مامۆستا | بەشی زمانی کوردی | کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی | زانکۆی سەڵاحەددین |
| د.سازان رضا معين الدرجة العلمية/ مدرس | قسم اللغة الكردية | كلية التربية الاساس | جامعة صلاح الدين/ أربيل |
| Sazan Radha Moen Lecture | Kurdish Department | College of Basic Education | Salahaddin University/ Erbil |
| Email : sazan.moen@su.edu.krd & sazanradha2015@gmail.com Mobile No: 0750 498 05 77 | | | |



DOI: https://www.doi.org/10.31972/iscs20.005


## پوختە

توێژینەوەکە لە بایەخی بابەتە سەرەکییەکەوە سەرچاوە دەگرێت کە ( وەرگێڕان لە زمانی ئاماژە )دایە. دیارە ئەم بابەتەش لە ئێستادا بۆتە تەوەرێکی گرنگ بەو پێیەی پەیوەندی بە بوونی ژمارەیەکی زۆری نابیستەوە هەیە لەناو کۆمەڵگاکەماندا، کە بەشێکیان لە بازاڕی کار و قوتابخانەکاندا بوونیان هەیە و بەشەکەیکەشیان پێویستیان بە پەیوەندی ڕۆژانەو ڕۆڵی خۆیان هەیە وەکو تاکێك لەناو کۆمەڵگا. بۆ ئەنجامدان و کاراکردنی ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە لەنێوان نابیستان و بیستەنیدا کردەی وەرگێڕان و وەرگێڕەکانی زمانی ئاماژە ڕۆڵی دیاریان دەبێت، لەم سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە ئامادەکراوە، توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو بەش پێکدێت:-

بەشی یەکەمی توێژینەوەکە چەند تەوەرێك لەخۆ دەگرێت لەوانە پێناسەو چەمکەکانی پەیوەست بەناونیشان و ناوەرۆکی توێژینەوەکە و کورتەیەك لە مێژووی جیهانی وەرگێڕان لە زمانی ئاماژەو کورتەیەك لە مێژووی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستان، هەروەها شێواز و بیردۆزەکانی وەرگێڕانی زمانی ئاماژەش باسکراوە.

بەشی دووەم تایبەت کراوە بە چەند تەوەرێك، ڕەگەزەکانی کردەی وەرگێڕان و شێوەکانی و ستراتیژییەت و ئاریشەکانی کردەی وەرگێڕانن و پێویست بووە کە لە هەندێ تەوەری ئەم توێژینەوەیەدا شیکار بۆ چەند نمونەیەك بکرێت بەتایبەتی لە ستراتیژییەتی وەرگێرانی زمانی ئاماژەدا، پاشان ئاریشەکانی تایبەت بە وەرگێڕانی زمانی ئاماژەو هەروەها پێوانەکردنی وەرگێرانی باش لە زمانی ئاماژە دا باسکراوە، پاش ئەنجام و پێشنیار سەرچاوەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دێت.


## پێشەکی:-

## ناونیشانی توێژینەوەکە:-

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (وەرگێڕان لە زمانی ئاماژەدا)یە لەڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە تیشك دەخرێتە سەر کردەی وەرگێڕان و وەرگێڕ لە زمانی ئاماژەو یەکگرتنەوەی ناونیشان و ناوەرۆك لە بەشەکانی توێژینەوەکەدا.

## هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:-

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەستنیشانکردنێکی زانیستیانەیە بۆ ڕۆڵ و کاریگەری کردەی وەرگێران و کەسی وەرگێر لە ژیانی نابیستدا بەگشتی و لە بواری پەروەردەو فێرکردندا بەتایبەتی چونکە کردەی وەرگێران بۆ ئەو کەسانەی کە بە زمانی هاوبەش نادوێن لە کۆمەڵگەدا کارێکی کۆمەڵایەتی و زمانییە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی ئاسایی دا، هەروەها دابینکردنی وەرگێری زمانی ئاماژە باشترین و پێویستترین خزمەتگوزارییە کە پێشکەش بەم چینە بکرێت، وەرگێریش لە کاتی ئێستادا بەکاریگەرترین کەس دادەنرێت بۆ بەدیهێنان و کاراکردن و دروستکردنی پەیوەندی ڕاستەقینە لەنێوان نابیستان و کەسانی بیستەنیدا، چونکە وەرگێرەکان ناوەندێکی گرنگن لە سەرکەوتنی پرۆسەی تێکەڵکردنی کۆمەڵایەتیداو نابیستانیش سورن لەسەر بەدیهێنانی مافەکانیان لە هەموویان گرنگتر بەکارهێنانی زمانی ئاماژەیە لە ژیانی ڕۆژانەیان و لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا.

## بوارو سامپڵی توێژینەوەکە:-

بواری کات:- خۆی لەڕێوشوێنی تیۆری و مەیدانی دەبینێتەوە لەماوەی مانگەکانی ساڵی (2019)دا.

بواری شوێن:- بواری شوێن بۆ ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە شاری هەولێرە.

بواری مرۆیی:- ئەم بوارەو کۆمەڵی توێژینەوەکەش خۆی لە مامۆستایانی پەیمانگای هیوای نابیستان و پەیمانگای پیشەسازی کچان (بەشی نابیستان)دا خۆی دەبینێتەوە کە ئەم مامۆستایانە لە هەمان کاتدا دوو پرۆسەی زانستی گرنگ و گران ئەنجام دەدەن کە وانەگوتنەوەو وەرگێڕانە، لەگەڵ وەرگرتنی ڕاو سەرنجی چەند نابیستێك لە قوتابی و کەسانی دەرەوەی پرۆسەی خوێندن لەهەردوو ڕەگەز نێر و مێی و سەروو تەمەن (15) ساڵ.

## کێشەی توێژینەوەکە:-

لەکاتێکدا کۆمەڵگا بە گشتی لە هەوڵی چاککردن و گەشەپێدانە لە بواری خوێندن و تەندروستی و نیشتەجێبوون و چارەسەری کێشەکانیان لەهەموو بوارەکانی خزمەتگوزارییەکاندا، لەهەمان کاتدا خاوەن پێداویستی تایبەت لەناویاندا نابیستان کە لە بنەڕەتدا بێبەشن لەم مافانە و ڕووبەڕووی کێشەی گەورە دەبنەوە لە فەراهەم نەبوونی ساناترین مافیان کە ئەویش مافی پەیوەندیکردنیانە بە دەوروبەریانەوەو مافی خوێندن و فێربوون و وەرگرتنی زانیارییەکان و ئاشنانەبوونیانە بە پێشکەوتنەکانی دونیا بەهۆی گرنگی نەدان و پەراوێزخستنیان لەلایەن دەوڵەت و لایەنی پەیوەندیدار و کۆمەڵەوە، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی

ترەوە نەزانینی زمانی ئاماژەیە لەلایەن کۆمەڵەوە چونکە کۆمەڵ نە گرنگی بەم چینە دەدەن وە نەگرنگی بە زمانی ئاماژە دەدەن تا ئەو ڕادەیەی تائێستا نازانرێ کە زمانی نابیستان زمانی ئاماژەیە و هەر بە زمانی جەستە ناوی دەبەن بێگومان ئەم دوو زمانە دوو زمانی جیاوازن و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گوێنەدان و گرنگی نەدانی کۆمەڵ بەم چینەو لەهەمان کاتدا کەمتەرخەمی حکومەت کە هیچ ڕۆڵێکی نییە بۆ ناساندنی ئەم چینەو زمانی ئەم چینە بە کۆمەڵ.دەکرێ ئەمانە چارەسەر بکرێن لەڕێگەی میدیاو کردنەوەی پەیمانگای وەرگێڕان و دابینکردنی وەرگێڕ لە هەموو دام و دەزگاکانی حکومەت و هەروەها دانانی پڕۆگرامی پەروەردەیی تایبەت بە خوێندنی نابیستان و پابەندبوونی وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بەم پڕۆگرامەوە کە ئەویش دابینکردنی خوێندنی گونجاو بۆ ئەم چینەو لە کەشێکی پەروەردەییدا و فەراهەمکردنی ژمارەیەك وەرگێری شارەزاو بە ئەزموون لە هەموو پسپۆڕیەکان بۆ زمانی ئاماژە لەناو ئەم خوێندنگانەدا کە تایبەتن بەنابیستان.

## ڕێبازی توێژینەوەکە:-

بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە پشت بە ڕێبازی وەسفی شیکاری بەستراوە.

## گرنگی توێژینەوەکە:-

کردەی وەرگێڕان کردەیەکی ڕێکخراو و ئامانجدارە بۆ ئاسانکردنی کاریگەری و کاردانەوە لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا لەنێوان ئەندامانی گفتوگۆکەدا جا گفتوگۆیەکی گشتی بێت لە کەشێکی گشتیدا یان کەشێکی پەروەردەیی و فێرکردن بێت لەناو خوێندنگادا، بە ئامانجی گەیاندنی پەیام لە نێرەرەوە بۆ وەرگر یان بە پێچەوانەوە، بێگومان وەرگێری زمانی ئاماژە یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی چاککردن و گەشەی خوێندن لای نابیستان و گرنگترین ڕەگەزی فێرکردنە لەپاڵ مامۆستاو پڕۆگرام و ڕێگاکانی وانەدا، هەر بۆیە دابینکردنی وەرگێری زمانی ئاماژە لە بوارە گشتیەکاندا و لە بواری تایبەت بە خوێندندا گرنگترین خزمەتگوزاری دیاریکراوە کە پێشکەش بەم چینە بکرێت چونکە وەرگێڕەکان ڕۆڵی کارا دەبینن لە ئاسانکردن و گەیاندنی پەیامەکان لە نێوانیاندا سەرکەوتنی ئەم کردەیەش لەکاردانەوەی هەردوولادا دەردەکەوێت کە گەیاندنی پەیام و وەڵامدانەوەکانە.

## ئامانجی توێژینەوەکە:-

ئامانج لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە لە چەند خاڵێکدا کۆکراوەتەوە کە گرنگترینیان ئەمانەن:-

1- وروژاندن و گرنگیدان بە زمانی ئاماژەو دانانی وەکو زمانی سروشتی و دایك تایبەت بەنابیستان.

2- ئاشنابوون بە ڕۆشنبیری و کەلتوری نابیستان و زمانی ئاماژە.

3- گرنگی دان بە بابەتی وەرگێری پەروەردەیی زمانی ئاماژە لە هەرێمی کوردستان.

4- دیاریکردنی ڕۆڵ و کاری وەرگێڕ لە قوتابخانەو پەیمانگاکانی فێرکردنی نابیستاندا.

## ناوەرۆکی توێژینەوەکە:-

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت:

لە بەشی یەکەمدا کە پێکهاتووە لە چەند تەوەرێك تێیدا چەند پێناسەیەك کراوە بۆ ئەو زاراوانەی کە تایبەتە بە توێژینەوەکە پێناسەی تیۆری و کارەکی کراوە بۆ زاراوەکانی نابیست، زمانی ئاماژە، وەرگێڕان، وەرگێڕ، پەیوەندیکردن، هەروەها کورتەیەك لە مێژووی وەرگێڕان لە جیهاندا لە زمانی ئاماژەداو کورتەیەك لە مێژووی وەرگێڕان لە هەرێمی کوردستاندا کراوە، شێواز و تیۆرەکانی کردەی وەرگێڕان خراونەتەڕوو.

لە بەشی دووەم دا بەهەمان شێوە چەندین تەوەر لەخۆدەگرێت تێیدا ڕەگەزەکانی کردەی وەرگێڕان و شێوەکانی و ستراتیژیەت و پێوانەکردنی وەرگێڕی باش و ئاریشەکانی تایبەت بە وەرگێڕانی زمانی ئاماژە کراوە، لە کۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەو پوختەی لێکۆڵینەوەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## 1. بەشی یەکەم/

### 1-1. سەرەتا:-

یەکێ لە گرنگترین پێویستییە تایبەتی و کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤ توانای پەیوەندیکردنێتی لەگەڵ کەسانی دەوروپشتیدا، زمانیش ڕەگەزێکی سەرەکییە لەم کردەیەدا ڕۆڵێکی کاراو زیندوو دەبینێت چونکە پێویستیە دەروونی و کۆمەڵایەتی و زمانییەکان تێردەکات، ئاشنایەتی و زانیاری و شارەزاییەکانی پێ پەیدا دەکات، بابەتی پەیوەندیکردنیش بۆتە جێی سەرنج و بایەخی پسپۆڕانی زمانی ئاماژە و مامۆستایانی پەیمانگاو سەنتەرەکانی نابیستان و خێزانی منداڵانی نابیست و هەموو ئەو کەسانەی گرنگی بەم چینە دەدەن، چونکە دیارترین بەربەستی تێکەڵبوون و یەکگرتنیانە بە چینی بیستەنییەوە، هەربۆیە نابیستان پەنا بۆ ڕێگەی پەیوەندیکردنی نەدرکاو دەبەن لەگەڵ هاوشێوەکانی خۆیان کە نابیستن تاوەکو زاڵبن بەسەر ئەو تەنیاییەی کە لە دەستدانی بیستنیان سەپاندوویەتی بەسەریاندا بۆ ئەنجامدانی ئەم کردەیەش زمانی نابیستان یان زمانی بینراو کە پێکهاتووە لە ئاماژەکان کە هەموو توخمەکانی زمانی درکاو (بیستراو) تیادایەو نابیست لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا بەکاری دەهێنێ ئەویش زمانی ئاماژەیە ( sign Language).

هەرچەندە پێشتر ئاماژەکان نەدەچوونە ئاستی پەسنی زمانەوە دانی پیادانەدەنرا تا ئەو کاتەی زمانەوان (ویلیام ستوکی ) ( William Stokoe ) لەڕێگای توێژینەوەکانییەوە لە ساڵی (1960)، سەبارەت بە زمانی ئاماژە سەلماندی، کە ( زمانی ئاماژە زمانێکی ڕاستەقینەی وردەو خاوەنی ڕێزمانی و بنەمای ڕێك و پێکە وەکو هەموو زمانە درکاوەکان ) (William, 1960: 216)، ئەمەش بووبە پاڵپشتییەك بۆ بڵاوبوونەوەو بەکارهێنانی لەلایەن چینی نابیستانەوە لەسەر ئاستی هەموو دنیادا. ( لوران بتینو: 1996: 69).

ڕێکەوتنی نێودەوڵەتی بۆ مافی مرۆڤ لە ماددەی (24) کە تایبەتە بە فێرکردن لە بڕگەی (3-ب) دا جەختی لەسەر  گرنگی فێربوونی زمانی ئاماژەو هاندانی دەرخستنی ناسنامەی چینی نابیستانی کردۆتەوە، ئەمەش گرنگترین بەڵگەیە بۆ نابیستان کە مافی خۆیانە زمانی دایکیان بەکاربهێنن کە زمانی ئاماژەیە. ( نەتەوە یەکگرتووەکان: 2007 :37).

لێرەوە ڕۆڵی وەرگێڕی زمانی ئاماژە دەرکەوت کە کاردەکات بۆ ئاسانکردن و ئەنجامدانی کردەی پەیوەندی لەنێوان کەسانی نابیست و کەسانی بیستەنیدا ئەم ڕۆڵەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە وەرگێڕ پەیامی نەدرکاوی کەسی نابیست بە زمانی ئاماژە دەگەیەنێتە کەسی بیستەنی و پاشان پەیامە ئاماژەییەکە بە زمانی درکاو دەگەیەنێتە کەسی بیستەنی.

### 1-2. پێناسەکان:-

#### 1-2-1. نابیست:- Deafness

ئەم زاراوەیە بەکاردێت بۆ ئەو کەسانەی کەم و کورتی لە ئەندامی گوێیان هەیەو ناتوانن گوێیان لە هیچ دەنگێك بێت و ئامرازی بیستنیان ( گوێ )یان ئەرکی خۆی بەجێناهێنێت کە لە بنەڕەتدا خۆی لە درکپێکردن و چاودێریکردنی ئاخاوتن و فێربوون و وەرگرتنی زماندا دەبینێتەوە. (Smith: 2007: 23 ).

## 2-2-1. پێناسەی کارەکی نابیست:-

مەبەستیش لە نابیست لەم توێژینەوەیەدا هەردوو ڕەگەزی نێر و مێی نابیستە کە هەستی بیستنیان لەدەستداوەو پەنا بۆ زمانی ئاماژە دەبەن وەکو هۆکارێکی سەرەکی بۆ پەیوەندیکردنیان لەنێوان خۆیانداو لەگەڵ دەوروبەریاندا ، تەمەنیان لەسەروو (15) ساڵانەوەیە.

## 1-3-1. زمانی ئاماژە:-

سیستەمێکی زمانییە پشت دەبەستێت بە بەکارهێنانی هێمای دەستی بۆ گەیاندنی زانیارییەکان و گوزارشتکردن لەبیر و چەمکەکان بە کەسانی تر ئەم زمانە دادەنرێت بە زمانی وەرگیراو و خوازراو لە کۆمەڵگەی نابیستاندا. (Cerney:2004:13)

## 2-3-1.پێناسەی کارەکی زمانی ئاماژە:-

مەبەست لە زمانی ئاماژە لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێ هێماو ئاماژەو جوڵەی بێ چپەو گوزارشتی ڕووخسارە و ڕێکخراو و ڕێکو وردە بەشێوەیەکی سەرەکی نابیست و وەرگێڕی زمانی ئاماژە بۆ پەیوەندیکردن لەنێوان خۆیان و کەسانی تردا لە هەرێمی کوردستان بەکاری دەهێنن.

## 1-4-1. وەرگێڕی زمانی ئاماژە:- Sign Language Interpreter

ئەو کەسانەن کە کاری وەرگێڕانی زمانی ئاماژە ئەنجام دەدەن، واتە پەیامی نابیستان و کەسانی بیستەنی وەردەگێڕن بەبەکارهێنانی زمانی ئاماژە بۆ گەیاندنی پەیام بە نابیستان و زمانی درکاو بۆ گەیاندنی پەیام بە کەسانی بیستەنی.(سمير سمرين:2013: 53)

## 2-4-1. پێناسەی کارەکی وەرگێڕی زمانی ئاماژە:-

وەرگێری زمانی ئاماژە لەم توێژینەوەیەدا کەسانی (نێر و مێ)ی شارەزاو خاوەن ئەزموون لەزمانی ئاماژەو کردەی وەرگێڕان و ئاسانکردنی پەیوەندی لەنێوان کەسانی بیستەنی و نابیستاندا ، بێگومان لەم توێژینەوەیەدا وەرگێرەکان مامۆستاکانی پەیمانگای نابیستانی شاری هەولێرن لە ئەنجامی کاری وانەگوتنەوە بە نابیستان و بەکارهێنانی زمانی ئاماژە لەم پرۆسەیەدا فێرە زمانی ئاماژە بوون.

## 1-5-1 وەرگێڕان:-

شارەزایی و لێزانینە و هەوڵدانە بۆ لێکدانەوەو گواستنەوەی پەیامێك یان نوسراوێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر (پەروین عوسمان: 2009: 18).

## 1-5-2. پێناسەی کارەکی وەرگێڕان:-

مەبەست لە وەرگێڕان لەم توێژینەوەیەدا خۆی لە چالاکییە فێرکارییەکان، وەرگێڕانی بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندن،گەشتی زانستی و کات بەسەربردن، کۆبوونەوەکان، چاوپێکەوتنی ڕێنماییکردن، ڕکابەرییە وەرزشییەکاندا دەبینێتەوە.

## 1-6-1. پەیوەندیکردن:-

بریتیە لە گواستنەوەی زانیاری و ڕاستیەکان، بیروبۆچوون و سۆز، چالاکییەکی زیندووی مرۆییە و هەمیشە پێویستبوونی لەزیادبووندایە (چۆڵی ئەسعەد: 2013: 23).

## 1-6-2. ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردنیش بریتین لە:-

**أ-نێرەر:** کە سەرچاوەشی پێ دەگوترێ ئەم مانایەش هەموو چالاکییە جۆراوجۆرەکانی تایبەت بەناردنی زانیاری دەگرێتەوە جاچ بە قسە بێت یان هێما یان شتی تر.

**ب-پەیام:** هەموو ئەوانەی کە دەگەیەنرێت و ئاڵوگۆڕ دەکرێت لەنێوان نێرەر و داهاتوو، واتە هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤ دەیڵێت یان دەیکات، هەڵگری واتان بۆ کەسانی تر.

**ج-داهاتوو:** کە وەرگریشی پێ دەگوترێت ئەم مانایەش گشتگیرە چڕ دەبێتەوە بۆ هەموو چالاکییە پەیوەندییە جۆراوجۆرەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری و شکاندنی کۆدی هێماکان و تێگەیشتنیان.

**د-هۆکار:** کەناڵی هەڵگری پەیامەکەیان واتاکانیانە و دەیانگوێزێتەوە بۆ کەسانی تر هەندێ جاریش بە ناوەندی بەستنەوەی نێرەر و وەرگریش ناودەبرێت (راکان حبیب: 2001: 78).

## 1-6-3. پێناسەی کارەکی پەیوەندیکردن:-

پەیوەندیکردن لەم توێژینەوەیەدا گواستنەوەی پەیامە پەروەردەییەکانە لە زمانی درکاوە (هێما دەنگییەکان) بۆ زمانی ئاماژە (هێما وێنەییەکان-ئاماژەکان) لە کەسانی بیستەنییەوە بۆ کەسانی نابیست وە بە پێچەوانەوە.

## 1-6-4. ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردن:-

ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردنیش لەم توێژینەوەیەدا مامۆستایان و قوتابیانی نابیستی پەیمانگا ئامادەیی نابیستانن لەبەر ئەم هۆیەش ناونراوە ڕەگەزە فێرکارییەکان کە ئەمانەی خوارەوەن:-

**1-نێرەری فێرکاری/** ئەو کەسەی کە پەیامێکی فێرکاری دەنێرێت ناوەرۆکێکی زانستی لەخۆگرتووە و دەیەوێت بیگەیەنێت بە کەسانی تر.

**2-داهاتووی فێرکاری/** ئەو کەسەی کە پەیامە فێرکارییەکە وەردەگرێت بە هەموو ناوەرۆکە زانستییەکەیەوە کە ئەوانیش قوتابیانی نابیستن.

**3-پەیامە فێرکارییەکە/** ناوەرۆکە زانستییەکەیە کە نێرەر دەخوازێ بینێرێت بۆ وەرگر بە ئامانجی گەیاندنی سودێکی زانستی.

**ج/ ناوەندە فێرکارییەکە/** ئەو هۆکارە یان ئامرازەیە کە لە ڕێگەیەوە پەیامە فێرکارییەکە دەگەیەنرێت بەو شێوەیەی کە وەرگر دەیخوازێ و بەو ڕێگایەی کەلەگەڵ توانای وەرگردا گونجاوە، بێگومان ئەویش وەرگێڕی زمانی ئاماژەیە و مامۆستا یان هاوکاری مامۆستایە کە هەندێ جار پێیان دەگوترێت (ڕەدیف) لە پەیمانگاکانی نابیستاندا و لەکاتی پێویستدا مامۆستایان لەگەڵ خۆیان دەیان بەنە پۆلەوە ئەوانیش نابیستن و دەرچووی ئەو پەیمانگایانەن و شارەزاییان لەوانە و ئاماژە دەگمەنەکان و زانستییەکاندا هەیە، بەڵام ناتوانن ڕۆڵی وەرگێڕ بگێڕن چونکە نابیستن.

5-6-1. هێڵکاری کردەی پەیوەندیکردن لە زمانی ئاماژەدا

پەیوەندیکردن

## 1-7-1. کورتەیەك لە مێژووی وەرگێران جیهانی لە زمانی ئاماژەدا:-

سەرەتاکانی دەرکەوتنی وەرگێران لە زمانی ئاماژەدا دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە یەکێك لە قوتابخانەکانی چاودێری کردنی قوتابیانی نابیست لە قوتابخانەی (هارتفورد) لە ویلایەتی کونیکێت یەکەم قوتابخانەبوو کە دامەزرا بۆ فێرکردنی نابیست لە ساڵی ( 1817 ) وەرگێڕەکانی ئەم قوتابخانەیەش بریتی بوون لە مامۆستایان و هاوکارانی مامۆستایان (ڕەدیف) ئامانج لە دروستکردنی ئەم قوتابخانەیە بۆ دروستکردنی پەیوەندی بوو لەنێوان مامۆستایان و قوتابیانی نابیست و هەموو قوتابییە بیستەنییەکانی تر کە لەو قوتابخانەیە دەیان خوێند. (Andrews:1989: 184).

سەرباری ئەوەی کە ئەم مامۆستایانە ئەرکیان فێرکردن و وانەگوتنەوە بوو بەڵام ئەرکی بەرپرسیارێتیان بەرامبەر قوتابیانی نابیست دەنواند ئەمەش نابیستانی توشی هەستیاری پشت بەخۆبەستن و بڕیار نەدان کردبوو، لەلایەکی ترەوە ئەم مامۆستایانە تەنها لەناو قوتابخانەدا دەبینران و پشتیان پێ دەبەسترا لەدەرەوەی کەشی خوێندندا بەهیچ شێوەیەك بەردەست نەبوون ئەم هۆکارانە بۆ نابیستان گرنگ بوو کە بیر لە خۆیان و داهاتووی خۆیان بکەنەوە ڕێکخراوی تایبەت بە نابیستانیان کردەوە بۆ بڕیار دان لەسەر خۆیان و داهاتووی زمانەکەیان هەر لەڕێگەی ئەم ڕێکخراوانەوە دەوروبەریان ئاشناکرد بە کەیسی خۆیان و کێشەو تێروانینیان ئەمە سەرباری ئەوەی کە توانیان بۆ یەکەم جار وەرگێر لای خۆیان دابمەزرێنن کە تەنها کاری وەرگێر بێت نەك بڕیاردان و ڕێبەری کردنیان هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی (20) ئەم مامۆستایانە بە فەرمی وەکو وەرگێر ناسرابوون کاریان دەکرد لە قوتابخانەی نابیستاندا کە لە بنەڕەتدا ئەندامی خێزانی نابیستان بوون یان مامۆستای نابیستان بوون یاخود خۆبەخش لەم قوتابخانانەدا کاریان دەکرد. (Seal:2004: 18-22).

لەساڵی (1964) تا ساڵی ( 1984) چەندین وۆرکشۆپ و کۆنگرە بۆ ئەم مەبەستە ئەنجامدرا لە بەناوبانگترینیان کۆنگرەی ساڵی (1984) لە ویلایەتی کەنساس لە زانکۆی مادۆنا لەم کۆبوونەوەیەدا دوو نمونەی گرنگ خرانەڕوو بەناوی نمونەی ( کوکیلی) و نمونەی (کولنموس )ی تەواو، هەردوو نمونەکە تیشکی زانستییان خستە سەر پیشەی وەرگێڕان و کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر چۆنیەتی دیدگای وەرگێران بۆ کارەکەیان و چۆنیەتی بەکارهێنانی زانیارییە پێشکەشکراوەکان (Taylor:1993: 1-5).

هەرلەدوای ئەو کۆنگرەیە بڕیاردرا کە پێشنیارەکانی کۆنگرە جێبەجێ بکرێت کە ئەوانیش:-

1- کردنەوەی پەیمانگاو سەنتەر بۆ فێربوونی زمانی ئاماژە.

2-کردنەوەی پەیمانگا.

3-پێدانی بڕوانامە بە دەرچووەکان.

4-دامەزراندنی وەرگێڕەکان لە قوتابخانەکاندا لەبری مامۆستایان کاری وەرگێڕی بکەن.

5-دامەزراندنیان لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا بە فەرمانبەری دەوڵەت.

## 1-7-2. کورتەیەك لە مێژووی وەرگێڕان لە زمانی ئاماژەدا لە هەرێمی کوردستان:-

ئێستای هەرێمی کوردستان لە وەرگێڕان لە زمانی ئاماژەدا لە سەرەتاکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادایە، واتا ئێستا هەرێمی کوردستان لەڕووی وەرگێڕانەوە لە ساڵی (1817) داین هاوشێوەی ئەو سەردەمەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەرگێڕەکانمان تەنها لە قوتابخانەکانی نابیستاندا لە سەنتەری شارەکانی هەرێمی کوردستان کە ئەوانیش بە واتای وەرگێڕی فەرمی و پسپۆڕی وەرگێڕان وەرگێڕ نین، بەڵکو بەهەمان شێوەی ئەو مێژووەی ئەمریکا مامۆستان لە پەیمانگا یان ئەندامانی خێزانی نابیستن یان دەرچووی پەیمانگاکانی نابیستانن وەکو هاوکاری مامۆستاکان کاری وەرگێڕان دەکەن لە هەندێ باردا کە مامۆستا نەتوانێت ئاماژەیەك بۆ دەستەواژەیەك بدۆزێتەوە ئەمان

هاوکاریان دەکەن واتا هەتا ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە بەفەرمی وەرگێڕمان نییە چونکە هیچ پەیمانگایەك بۆ فێربوونی زمانی ئاماژەو پێگەیاندنی کادری وەرگێری زمانی ئاماژە بوونیان نییە تاوەکو پسپۆڕی وەرگێڕان و کادر پێبگەیەنرێت لەم بوارەداو پاشانیش بە فەرمی وەکو وەرگێڕی زمانی ئاماژە لە دام و دەزگاکانی دەوڵەت و قوتابخانەکاندا دابمەزرێن و کاری وەرگێڕان و پەیوەندیکردن ئەنجام بدەن.

## 1-8-1. شێوازەکانی وەرگێران:-

زاراوەی وەرگێران بەکاردێت بۆ هەموو ئەو کردەو شێوازانەی کە بەکاردێت لە گواستنەوەی واتا لە زمانی سەرچاوەو Source Language بۆ زمانی مەبەست Target Language .(عبدالعليم محمد: 2011: 53)

لێرەوە چەمکی وەرگێڕان دەبێتە کرداری شرۆڤەکردنی واتاکانی دەقێکی نوسراو یان بیستراو یان بینراو (زمانی ئاماژە) لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی مەبەست وەرگێڕان هەمیشە بۆ واتاکانە بۆ ئەنجامدانی ئەم کردەیەش پشت بە دوو بنەمای گرنگ و بنەڕەتیی دەبەسترێت:

1- ئەو کردەی وەرگێڕانەی کە ئەنجامی دەدەین Process of Translating

کردەی وەرگێرانیش بە چەند شێوازێك یان چەند جۆرێك ئەنجام دەدرێت:-

یەکەم/ وەرگێرانی وشە بە وشە: Literal Translation

وەرگێرانی وشە بە وشە: ئەم وەرگێڕانەش دابەش دەبێتە سەر دوو جۆری تر:

أ-وەرگێرانی وشە بە وشە بۆ توخمەکان ( زمانی یان ئاماژەیی).

ب-وەرگێرانی وشە بە وشە بۆ ئەو واتایانەی کە گوزارشت لە یەکە زمانییەکان و ئاماژەییەکان دەکەن.

**أ-وەرگێرانی وشە بە وشە بۆ توخمەکان (زمانی درکاو یان زمانی ئاماژە):**

هەرچەندە زۆربەی زانایانی زمان ئەم جۆرەی وەرگێڕان بە کۆنترین و خراپترین جۆری وەرگێران دادەنێن (پەروین عوسمان:2009: 61). لەم جۆرەدا واتای دەستەواژەو ڕستەکان لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی مەبەست دەگوازرێتەوە.

زۆربەی زانایانی زمان لە تیۆرەکانیاندا جەخت لە بەکارنەهێنانی ئەم ڕێبازە دەکەن لەوانە (نایدا) کە دەڵێت ( لە وەرگێرانی وشە بە وشەدا وەرگێر ناتوانێت پارێزگاری لە گشت دەستەواژەکانی زمانی سەرچاوەدا بکات). (نایدا:1976: 41)، بەڵام لەکاتی وەرگێرانی زمانی ئاماژەدا وەرگێر پشت بەم جۆرەی وەرگێران دەبەستێت لە هەندێ باردا زۆر پێویستی پێی دەبێت چونکە سروشتی زمانی ئاماژە بەو شێوەیەیە کە هیچ کات پریپۆزیشن و پارتیکەڵەکان و زیادەکانی وشەکان بەکارناهێنن تەنها پێویستیان بە توخمە سەرەکیەکانی ڕستە هەیە ( وشەکان و ئاماژەکان ) زمانی و نازمانی. چونکە

زۆری ژمارەی زیادەکان و پریپۆزیشتن و پارتیکەڵەکان سەریان لێدەشێوێنێ و لێڵی واتاییان لادروست دەکات وشەکان ناناسنەوە.

هەر لەم بارەیەو سۆسێر دەڵێ (وەرگێڕانی وشە بە وشە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان وشەکان ڕەچاو ناکات و سنووری نێوانیان دیاری ناکات). (پەروین عوسمان:2013: 61)، ئەم بۆچوونەی سۆسێر بۆ زمانی درکاو تەواو گونجاوە ، بەڵام لە وەرگێڕانی زمانی ئاماژەدا ناگونجێت وەرگێرەکان پابەند بن پێیەوە چونکە نە نابیست و نە وەرگێڕ پابەند نین بەو پەیوەندییە ئاڵۆزانەی نێوان وشەکان بەتایبەتی، زیادەکانی وشەکان، مێتافۆر، ئیدیەم، پەندی پێشینان، جووتەوشەی لێکدراو...هتد واتای ئاڵۆز و بارکراو لە زمانی ئاماژەدا بوونی نییە. چونکە ئەوان وشە بە سادەیی دەناسن و واتا فەرهەنگییەکەی وەردەگرن، وەکو ئاگر لای نابیستان واتاکەی واتایەکی فەرهەنگیەو نەگۆڕەو وێنەکەی لە هزری ئەودا جێگیرە کە وێنە سادەکەی ئاگرە بەڵام کە گۆڕانی بەسەرداهاتوو بوو بە ( ئاگرەکان، ئاگرەکە، ئاگری بنکا) نایناسێتەوە. ئەم شێوانە لە فەرهەنگی هزری نابیستاندا نییە و جێگای نابێتەوە گەر وشەی ئاگری بەو شێوازە بینی ئەوا تووشی شڵەژان و سەرلێشێواندن دەبێت و وشەکە ناناسێتەوە.

**ب-وەرگێرانی وشە بە وشە بۆ ئەو واتایانەی کە گوزارشت لە یەکەزمانییەکان و یەکە ئاماژەییەکان دەکەن.(Forestal: 2001: 194).**

گواستنەوەی درکاندنی وشە درکاوەکەیە بە هەمان پیتی زمانی ئامانج وەکو وەرگێڕانی دەنگەکانی وشەی ( Mobile ) بۆ پیتەکانی وشەی ( Mobile ) ئەم وەرگێڕانەش لەکاتێکدا ئەنجام دەدرێ کە نابیستەکان ئاشنایەتیان لەگەڵ وشەی مەبەستدا هەبێت و چەند جارێك بینیبیتیان و ئەزموونیان لەگەڵیدا هەبێت تاوەکو وێنەکانی وشەکان لە هزریاندا ئامادەبن لەکاتی وەرگێڕاندا.

دووەم/ وەرگێڕانی ئازاد: Free Translation ئەم شێوازەش دابەش دەبێت بۆ :-

أ-وەرگێڕانی ئازاد پەیوەست بە دەقەوە.

ئەم وەرگێڕانە لەو کاتەنەدا ئەنجام دەدرێ کە یەکەکان و دەستەواژەکان لە هەردوو زمانەکەدا هەمان واتا بدەن بەدەستەوە وەکو:

جەنگی سارد= الحرب الباردة = Cold War

چەکی قورس = الاسلحة الثقیلة= Heavy Weapon

جیهانگیری = العولمة = Globalization

ب-وەرگێرانی ئازادی ناپەیوەست بەدەقەوە:-

هەندێ جار بەم جۆرەی وەرگێران دەگوترێت چاککردن لەم بارەدا ڕستەیەك بەکاردەهێنرێ کە لە واتادا لە مەبەستەکەوە نزیکە بەبێ مەرجی وابەستەبوون بە ژمارەی دەستەواژەو ڕێزبوونی ڕێزمانی دەقی سەرچاوەوە.

(شەیتان پەلەی کرد ملی شکا) زمانی درکاو.

(پەلەکردن خراپە) زمانی ئاماژە (وەرگێڕدراو).

لە هەردوو شێوەکەی وەرگێڕانی ئازاددا دەبێت وەرگێڕ خۆی بەدوور بگرێت لە وەرگێڕانی وشە بە وشەو ڕستە بە ڕستە بەڵکو تەنها گرنگی بە چەمکەکان بدات وشەو دەستەواژەی زیاد لابدات و کورتبڕی تێدا بکات یاخود گەر پێویست بوو فراوانی بکات بە مەرجێك ڕەچاوی پاراستنی واتای دەقی سەرچاوە بکات ئامانج لەم جۆرە وەرگێڕانە هاوتاکردنی توخم و پێکهاتەکان نییە لەنێوان هەردوو زمانەکەدا بەڵکو ئامانج لێی گەیشتنی واتاو چەمکی دەقە سەرەکیەکە لە شێوەی پەیامێکی ئامانجداردا.

## 2- ئەو تیۆر و ڕێگایانەی کە دەگیرێتەبەر بۆ ئەنجامدانی وەرگێڕانەکە Method of Translating

ئاشکرایە کە ڕێباز و تیۆرەکانی وەرگێڕان لە زماندا گەلێ زۆرن دیارە مەبەستمان زمانی درکاوە چونکە سەبارەت بە زمانی ئاماژە کە تەواو جیاوازە لە زمانی درکاو ئاشکرایە زمانی ئاماژە پشت بە یەکە ئاماژەییەکان دەبەستێت (هێمای نازمانی) کە دەبنە ئاماژەو لەبری وشەکان بەکاردێت، بۆیە ناکرێت پشت بەهەموو ڕێبازەکانی وەرگێڕان ببەسترێت، بەڵکو دەکرێت گونجاوترین تیۆر وەربگرین کە ئاماژەی بە گۆڕینی هێمای زمانی دابێت بۆ هێمای نازمانی کە ئەویش تیۆرەکەی (ڕۆمان جاکوبسن)ە.

### 9-1. تیۆری ڕۆمان جاکوبسن لە وەرگێڕاندا: Roman Jakobson

بەڕای جاکوبسن تاوەکو وەرگێڕانێکی دروست لەواتادا ئەنجام بدرێت دەبێت پەنا ببرێتە بەر تیۆری (نیشانەکانی زمان و گەیاندنی واتا ) دەڵێ: ( لە بنەڕەتدا شێوەی تێگەیشتنمان بۆ شت ئەگەڕێتەوە بۆ گۆڕینەوەی نیشانەکانی زمان بە نیشانەکانی تر) (غازی فاتیح : 1983: 17).

ئەم گۆڕینەوەیە لای جاکوبسن وەرگێرانەکە دەگرێتەوە لە زمانی ئاماژەدا کە مەبەستی وەرگێڕانی نیشانە زمانییەکانە ( وشە درکاوەکان) بۆ نیشانە نازمانییەکان (ئاماژەکان). لەم ڕووەوە سێ جۆر وەرگێڕان دیاریدەکات:

1-وەرگێڕان لەناو یەك زماندا: Intralingua Translation

جاکوبسن مەبەستی لەم وەرگێڕانە داڕشتنەوەی وشەو دەستەواژەکان لەناو دەقی مەبەستدا لە چوارچێوەی هەمان زماندا بەو واتایەی کە وەرگێڕ شرۆڤە بدات بە واتای وشە یان ڕستەکان وەکو شرۆڤەکردنی واتای وشەکانی قورئانی پیرۆز بە زمانی عەرەبی یان شرۆڤەکردنی واتای دێرە شیعرەکانی نالی و سالم لە زمانی کوردیدا یان وشەی (لاوازی ) بۆ (کەموکورتی).

2-وەرگێران لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر یان بۆ چەندین زمان: Interlingua Translation

ئەم جۆرەی وەرگێران زۆر بەربڵاوەو بەکاردەهێنرێ لە بزووتنەوەی وەرگێڕانی جیهاندا.

3-وەرگێران لە نیشانەیەکەوە بۆ نیشانەیەکی تر Intersemiotic Translation

واتە گۆڕینی وشە درکاوەکان بۆ وشە جوڵەییەکان (وشە ئاماژە) ییەکان ئەم جۆرەش لەلای نابیستان بەدیدەکرێت کە زمانی درکاویان بۆ وەردەگێڕێتە سەر زمانی ئاماژە.

واتە گۆڕینی هێماو نیشانە زمانییەکان بۆ هێماو نیشانەی نازمانی (وشەی درکاو ) بۆ ( وشەی ئاماژەیی) لە زمانی نابیستاندا بەکاردێت و دەبینرێت.

لەمیانەی خستنەڕووی تیۆری ڕۆمان جاکوبسنەوە دەردەکەوێت کە ئەم تیۆرە جیاواز لە هەموو تیۆرەکانی تری وەرگێران ئاماژە بە گۆڕینەوەی هێما زمانییەکان دەکات بە هێما نازمانییەکان (نیشانەی زمانی ) ( نیشانەی نازمانی) کە بێگومان نابیستان پشت بەهێما نازمانی دەبەستن لە سیستەمە زمانیەکەیاندا لە کردەی پەیوەندیکردندا لەنێوان خۆیان و لەگەڵ دەوروبەر بەکاری دەهێنن هەر بۆیە بۆ ئەم توێژینەوەیە پشت بە تیۆری ڕۆمان جاکوبسن بەستراوە بۆ وەرگێران لە زمانی ئاماژە دا کە پێی دەگوترێ وەرگێڕانی ئاماژەیی. وەرگێڕانی ئاماژەییش بریتیە لە کردەی گواستنەوەی زانیارییەکان لە زمانی ئاماژەوە (بینراو) بۆ زمانی درکاو(بیستراو).

## 2. بەشی دووەم/

### 1-2. ڕەگەزەکانی کردەی وەرگێڕانی ئاماژەیی:-

کردەی وەرگێران لە زمانی درکاوەوە بۆ زمانی ئاماژە یان بە پێچەوانەوە سیستەمێکە پێکدێت لە کۆمەڵێك ڕەگەز کە ئەمانەن:-

1- یەکەی ئاماژەیی/ پێکهێنەری زمانی ئاماژەیەو بەڕەگەزی سەرەکی دادەنرێت لەم کردەیەدا ئەم یەکانەش بریتین لە :- (محمد البنعلي: 2006: 94)

أ-ناوی ئاماژەیی (ناو):

ئەگەر ناوی تایبەت بوو بە دووڕێگا ئاماژەی بۆ دەکرێت یان بەهێماکردنی کەسەکە (خاوەنی ناوەکە ) بەهێمایەکی جیاکەرەوە لە کەسەکانی تر، پاش وردبوونەوە و سەرنجدانێکی ورد لەشێوەی ڕوخسار و جەستەی، یان ڕەفتاری،جوڵەیەکی دیاریکراوی یان پیشەکەی وەکو ناوی دکتۆر سۆران- لەم کاتەدا پیشەکەی بەهێما دەکرێت وەکو دەست خستنە سەر مەچەکی ڕاست پەنجەی دۆشاو مژەو ئەسپێ کوژە وەکو قولاپ مەچەکی پێ دەگرن و ئاماژە بۆ پشکنینی لێدانی دڵ کە ئاماژەیە بۆ دکتۆر هەندێ جار بەهێما کردنەکە ئەو سنورانەش تێ دەپەڕێنێ و ئاماژە بەناوی هۆز و عەشیرەت و شوێنی نیشتەجێبوون و شوێنی جوگرافی دەکرێت وەکو ئاماژە بەناوی کەسێك گەر ( خۆشناو بێت ) ئەوا ئاماژەی خۆش دەدەنە پاڵ کەسەکە تاوەکو ببێتە هێمایەك بۆ ئەو کەسەو پاشانیش ناوێکی ئاماژەیی بۆ نمونە:

شێوەی دانانی قژ-مۆدێل-ڕەنگی پێست-ڕەنگی چاو-باڵا-شێوەی جەستە (قەڵەو – لاواز) شێوەی ڕوخسار (چاو –لوت-دەم) گەر کەسێك ناوی شوان بێت و باڵای کورت بێت لەکاتی ناوهێنانی دا ئاماژە بە باڵای دەکرێت وەك لەناوەکەی بەم شێوەیە ، بەرزکردنەوەی دەستی ڕاست لەشێوەی ستوونی بۆ سەرە تا دەگاتە ئاستی کەمەر. کە ئاماژەیە بۆ باڵا کورتی لە زمانی ئاماژەدا ئەم هێما کردنە لەناوخۆیاندا (نابیستان) دا دەکرێت لە سنوری کۆمەڵگەی نابیستاندا لە (قوتابخانە - پەیمانگا یان شوێنی کارکردنیان ) گەر لەو سنوورە تێپەڕی کرد بۆ نمونە لەکاتی خۆناساندنیان لە کۆبوونەوەیەکدا یان لە کۆنگرە و وۆرکشۆپەکانی تایبەت بە خۆیان بەم شێوەیە نییە ، بەڵکو ناوی کەسەکە بە شێوەی پەنجە حینجە لە هەوادا دەنوسرێت ئەویش بۆ هەر دەنگێکی زمانیی ناوەکەی لە زمانی ئاماژەدا پیتێك ئەم پیتانەش بە پەنجەکان دەنوێنرێن و وێنە دەکرێن لەگەڵ هێمایەکی نیشتیمانی وەکو (عێراقی- کورد – میسری) کە هەریەکەیان هێماو ئاماژەی نیشتیمانی تایبەت بەخۆیان هەیە لە زمانی ئاماژەدا.

ب-ڕاناوەکان:

تەنها ڕاناوە سەربەخۆکان بەکاردەهێنرێ ( من ، تۆ ، ئەو، ئێمە ، ئێوە، ئەوان)

(ڕاناوی لکاو و ڕاناوی خۆیی و هەیی) ڕاناوە سەربەخۆکان لە بەکارهێناندا شوێنیان دەگرنەوە بۆ نمونە :

لە زمانی درکاودا کتێبەکەی خۆم ← زمانی ئاماژە ( کتێب من).

کتێبەکە هی منە ← زمانی ئاماژە (کتێب من).

لەهەردوو نمونەکەدا لە کاتی ئاماژەکردندا ئاماژە بە کتێب دەکرێت کە هێماکەی یان ئاماژەکەی لەشێوەی کردنەوەی کتێبێکدایە و پاشان ئاماژەکردن بەمن دەست خستنە سەر سنگ بە پەنجەکان ئاماژەیە بۆمن.

سەبارەت بە جێناو و ئاوەڵناوی نیشانە (ئەم ، ئەو ) (ئەم...ە) ( ئەو....ە) لە زمانی ئاماژەدا بەشێوەیەکی بەرچاو بەکاردێ.

ئەو کوڕە----> ئەو کچە

سەبارەت بەناوی خواردن و میوەو ئاژەڵ ناوە گشتییەکان، ئەوا هەمیشە بۆ هەر ناوێك لەو ناوانە ئاماژەیەك هەیە کە جووتە لەگەڵ پەسنی ناوەکاندا لەڕووی (شێوە، ئەرك، چەمك، تام، بۆن). جێناوە پرسەکانیش لە زمانی ئاماژەدا هەموویان بەکاردێن جگە لە جێناوی (ئایا) کە بەکارنایەت.

2-سەرچاوەی زمانی ئاماژە (کەسی بەکارهێنەر) کە کەسانی نابیستن.

3-سەرچاوەی زمانی درکاو (کەسی بەکارهێنەر) کەسانی بیستەنین.

4-یەکەی زمانی: وشەو ڕستەو دەستەواژەکان لە زمانی درکاودا.

5-دەقی ئامانج کە بۆ وەرگێڕ ئامادە دەکرێ جا دەقی ئاماژەیی بێت یان دەقی درکاو بێت.

6- وەرگێڕی زمانی ئاماژە ناوەندێکە هەڵدەستێ بە وەرگێڕان لە زمانی ئاماژەوە بۆ زمانی درکاو یان بە پێچەوانەوە.

## 2-2. شێوەکانی وەرگێڕان:- (Akbare: 2013: 41)

1- دایەلۆگی/ ئەم شێوەی وەرگێرانە لەو کاتانەدا وەرگێڕ پەنای بۆ دەبات کە کەسی نابیست لەناو کۆمەڵێك قسەکەردابێت بۆ نمونە (کۆبوونەوە) وەرگێڕ ئاخاوتنی یەك بەیەکی ناو کۆبوونەوەکە وەردەگێڕێتە سەر زمانی ئاماژە لەگەڵ ئاماژەکردن بەدەستی بۆ کەسی قسەکەر و بەهێماکردنی ناوی قسەکەرەکەو بەردەوامبوون لە وەرگێرانەکەی، لەهەمان کاتدا وەرگێڕ ڕاوبۆچوونی نابیستەکەش وەردەگرێت و وەری دەگێرێتە سەر زمانی درکاو بۆ ئامادەبووان ئەم شێوەی وەرگێرانەش بەزۆری لە کۆبوونەوەکان، هۆڵی دادگا، کۆنگرە، وۆرك شۆپ دا، بەدی دەکرێت.

2- بەدوای یەکداهاتوو/ وەرگێڕ چاوەڕێ دەکات تاوەکو نابیستەکە کۆتایی بەڕستە ئاماژەییەکانی دەهێنێ، پاشاندەست بە کردەی وەرگێران دەکات لەگەڵ داڕشتنەوەی ڕستەکان و ڕیزکردنیان بەپێی یاساو ڕێزمانی زمانە درکاوەکە.

ئەم جۆرەش زۆر خوازراوە و بەکاردێت لە بنکەی پۆلیس و دانیشتنە تایبەتەکانی لایەنەکان، چاوپێکەوتنی پزیشکی، چونکە وەرگێڕ کاتی گونجاوی هەیە بۆ زانینی واتای هێما ئاماژەییەکان.

3- ڕاستەوخۆ/ وەرگێرانی ڕاستەوخۆی ساتی ئاخاوتنە ئەم شێوەیە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئاخاوتندا ئەنجام دەدرێ هەر ئاخاوتنێك کە دەبیسترێ ڕاستەوخۆ وەردەگێردرێتە سەر زمانی ئاماژە یان بە پێچەوانەوە.

4- وەرگێڕانی نوسەکی/ دادەنرێت بە بەشێکی تەواوکراوی وەرگێڕانی بینراو، کە گواستنەوەی بیرۆکەکانی نابیستە بە زمانی نوسراو وەکو نوسینی نامە-سی ڤی کارکردن- هۆنراوە، بەپێی گونجاندنی لەگەڵ یاسای ئەو زمانە درکاوەی کە وەردەگێرێتە سەری.

وەرگێرانی خوێندنەوە/ خوێندنەوەو وەرگێڕانی هەموو نوسراوێك بە زمانی درکاو بۆ زمانی ئاماژە وەکو خوێندنەوەی چیرۆك – نامە - یان هەر بابەتێکی نوسراو.

## 3-2. ستراتیژیەتی وەرگێران لە زمانی ئاماژەدا:-

کردەی پەیوەندیکردنە بە ئاماژە contact Signing ئەو ڕێگا فەراهەمەیە کە دەبێتە هۆی پەیوەندی و کاردانەوە لەنێوان تاکی نابیست و تاکی بیستەنیدا و هەروەها لەنێوان نابیستان خۆیاندا لە کۆمەڵگەی نابیستان چ لە ژینگەی خوێندندا بێت یان لە ژینگەی گشتیدا، ئەم کردەیەش پێویستی بە وەرگێرانێکی کاراو ئاکامێکی واتادار هەیە تاوەکو هەموو بەشداربووەکانی ناو ئەم کردەیە سوودمەندبن. بۆئەنجامدانی ئەم کردەیەش چەند ستراتیژیەتێکی سەرەکی بەکاردەهێنرێت لەلایەن وەرگێرەوە کە ئەمانەن:-

**1- ستراتیژییەتی ڕێزمانی:-**

أ-هەڵبژاردنی ئاماژە: Sign Choice

هەڵبژاردنی ئاماژەیەك كە گوزارشتكەری واتای سەرەكی وشە دركاوەكە بێت لەناو ئاخاوتنەكە یان دەقەكە تاوەكو وەرگێڕانێكی دروست و گونجاو بێتەدی.

ب- گۆڕین لە ڕیزبەندی وشە دركاوەكان و هێما ئاماژەییەكان بە پێشخستن یان پاشخستن، مەرج نییە وەرگێر لە كردەی وەرگێڕانەكەیدا وابەستەبێت بەڕیزبەندی وشەكانەوە وەكو چۆن لە دەقە بیستراوو بینراوو نوسراوەكەدا هەیە، ئەمە كارێكی ئەستەمە كە بتوانرێت لەنێوان دوو زمانی جیاواز لەڕووی بنیاد و پێكهاتەوە جووتبوونی تەواوەتی ڕوودات (سمیر سمرین: 2013: 41).

ج- گۆڕان لە بنیاد و پێكهاتەی ئەو دەستەواژەو ڕستانەی كە وەردەگێردرێت بەپێی گونجاندنی لەگەڵ ئەو زمانەی كە وەردەگێڕدرێتە سەری. ( Forstal:2001: 218)، كە لای پسپۆڕان و زمانەوانەكان و شارەزایانی زمانی ئاماژە و مامۆستاكانی نابیستان ئاشكراو ڕوونە كە زمانی ئاخاوتنی كوردی و زمانی ئاماژەی كوردی لە ڕۆنانی ڕستەیی دا جیاوازن. ڕۆنانی ڕستە لە زمانی كوردی دركاو دا جیاوازە لە ڕۆنانی ڕستەی ئاماژەیی كوردی هەریەكەیان یاسایەكی تایبەتی ڕێكخراویان هەیە كە دەكرێت بەپێی پێكهاتەی ڕۆنانی زمانی مەبەست گۆڕانكاری لە بنیادی پێكهاتەی هەردوو زمانەكەدا بكرێت لەكاتی وەرگیرانەكەدا زمانی دركاو یان زمانی ئاماژە بەپێی زمانی ئەو دەقەی كە ئامادەیە بۆ وەرگێڕان.

و- خستنە سەر و كرتاندنی ئەو ئامرازانەی كە ئەركیان خستنە سەرو لێكدان و پەیوەندین، جێناوە لكاوەكان،خۆیی،هەیی،نادیار،ناسیار،نەناسیارین، كە كار لە واتا ناكەن خستنەسەر بۆ ڕونكردنەوەی زاراوە و دەستەواژە و بەستنی وشەو ڕستەكان ، وەرگێڕان بۆ زمانی دركاو.

كرتاندنیش بۆ ئەو ڕەگەزانەیە كە لە وەرگێڕان بۆ زمانی ئاماژەدا هێماو ئاماژەیان نییەو بەكارنایەن و كار لە واتاش ناكەن بۆ نمونە:

1- زمانی دركاو ←——— خوێندن چرای ژیانە

زمانی ئاماژە ←——— خوێندن باشە

هەموومان بە خوێندن پێش دەكەوین

خوێندن باشە

2- زمانی دركاو ←——— من قوتابییەكانی خۆمم خۆشدەوێت.

زمانی ئاماژە ←——— من قوتابی خۆشەویستی.

من خۆشەویستی قوتابی

وەکو تێبینی دەکرێت لە خستنەڕووی ئەو دوو ڕستەیەی سەرەوەدا ڕستەی ژمارە (1) و ڕستەی ژمارە (2) زمانی درکاوە پاشان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئاماژە و جێناوی ناسراو کۆو بەستن و جێناوی خۆیی و کرتاون تەنها وشە سەرەکییەکان بەبێ زیادە ماونەتەوە. بەهەمان شێوە گەر جارێکی تر وەربگێڕدرێتەوە سەر زمانی درکاو ئەوا هەموو ئامرازە کرتاوەکان دەخرێنەوە سەر ڕستەکان.

ئەمە ستراکچەری زمانی ئاماژەیەو گەر کەسێك زمانی ئاماژە بزانێت تێگەیشتنی ئەو جۆرە ڕستەو وەرگێڕانە ئاسانە و دەزانرێ کە مەبەستەکە چییە، چونکە نابیستەکان زمانی جەستەو گوزارشتەکانی ڕوخسار و جەستەیان بەکاردەهێنن لەبری هەندێ لە ئامرازەکان.

گەر قسەکەر نابیست بێت و ئەم ڕستەیە بڵێت ئەوا لەکاتی وەرگێڕانەکەدا وەرگێڕ هەموو ئامرازەکان و جێناوەکان دەخاتەوە سەر ڕستەکە چونکە وەرگێڕان دەبێت بەپێی زمانی مەبەست بێت.

هـ- کەوتن: کەوتنی هەندێ وشەو دەستەواژەی درکاو یان ئاماژەیی کە کار لەواتای گشتی دەقە سەرەکییەکە ناکات بەهەمان شێوە کەوتن و گەڕانەوە و کەوتن. ئەم کردارە بەردەوام دەبێت لەکاتی وەرگێڕاندا لە زمانی ئاماژەدا، چونکە زمانی ئاماژە زمانێکی وێنەییە گوزارشت لە چەندین وشە دەکات و مەرج نییە هەموو وشەو دەستەواژەیەکی بیستراو هێمایەکی ئاماژەیی لە زمانی بینراودا لە بەرامبەریدا هەبێت، بە پێچەوانەشەوە هەر دروستە.

**2- ستراتیژیەتی واتایی:-**

1- بەکارهێنانی ئەو یەکە درکاو ئاماژەییانەی کە هاوواتایان زۆرە باشتر وایە ئەو واتایانە بەکاربێت کە زۆر گشتین بەو واتایەی گشتگیری زیاتر بەخۆیوە بدات لەواتادا وەك لەو یەکانەی کە هاوواتاکانیان وردەو شرۆڤەو لێکدانەوەو چەمك و لێکچواندنی پێویستە. (طارق: 2007: 64)، چونکە هەمیشە یەکە گشتیەکان چەمکەکانیش زۆرتر بیستراوە یان وەرگیراوە ئەمە سەرباری ئەوەی کە لە فەرهەنگی زمانی ئاماژەدا زیاتر جەخت لەو ئاماژانە دەکرێتەوە کە هەر وشەیەکی درکاو دەبێت لەبەرامبەریدا وێنەیەك هەبێت تاوەکو وشە ئاماژەییەکەی پێ بنوێنرێت.

وشەی: هاوڕێ، برادەر، ڕەفیق، دۆست، هاوەڵ

لەناو ئەو وشە هاوواتایانەدا کام وشەیان زیاتر گشتگیرەو لەهەردوو زمانەکەدا بەکاردێت ئەویان وەربگیرێت لەکاتی کردەی وەرگێڕاندا کە ئەویش وشەی ڕەفیق یان هاوڕێیە.

2- گۆڕان لە ئاستی ڕووتکردنەوەی دەقەکەدا:-

أ-لە ئاستی وشەسازیدا: داماڵینی وشە لە زیادەکان (مۆرفیمە بەندەکان – جێناوە لکاوەکان).

زمانی درکاو: کوڕەکە هات ⟵——— وەرگێڕان بۆ زمانی ئاماژە ⟵——— کوڕ هات

ب-لەڕستەسازیدا: داماڵینی وشەکان لە کاریگەرییە درکاوەکان.

ج- لە ڕەوانبێژیدا: هەموو پەسنە زیادەکان و سیفەتە خوازراوەکان و درکەو لێکچوون...هتد لە دەقەکە دادەماڵرێ.

بۆ نمونە:

زمانی درکاو: پێشمەرگەکان پڵنگی وڵاتن (ڕەوانبێژی) ←——— پێشمەرگە ئازایە. (زمانی ئاماژە)

وەرگێڕان بۆ زمانی ئاماژە: پێشمەرگە ئازایە.

لێرەدا مۆرفیمی کۆ و وشەی خوازراوی پڵنگ لە دەقەکە لادەبرێ چونکە نابیستەکان پێشتر وێنەی پڵنگیان لادروست بووەو بینیویانە و چەمکەکەشی دەزانن کە گیاندارەو دڕندەیەو گۆشت خۆرە لەم بارەدا نابیست تووشی سەرلێشێواندن دەبن. هەر بۆیە لە دەقەکەدا لادەبرێت و تەنها چەمکە سەرەکییە گشتییەکە دەگەیەنرێتە نابیستان کە پێشمەرگە ئازایە.

ج-دابەشکردنەوەی زانیارییەکان بەسەر ڕەگەزە واتاییەکان بەشێوەیەکی کەم یان زۆرتر لە زانیارییەکانی ناو دەقە سەرەکیەکە بەبێ ئەوەی کار لە تێکدانی واتای گشتی دەقەکە بکات. لەکاتی کردەی وەرگێڕاندا هەندێ جار وەرگێڕ توشی کۆسپی نەبوونی هێمای ئاماژەیی دەبێت لە بەرامبەر هێما درکاوەکەوەدا، هەر بۆیە پەنا بۆ شیکردنەوەی واتاو ڕونکردنەوە وشەکان (درکاو – ئاماژە) دەبات بە تایبەتی بۆ ئەو وشە درکاوانەی کە لە زمانی ئاماژەدا هێماو ئاماژەیان نییە، بە ئامانجی ڕونکردنەوەو گەیاندنی چەمك،ئەمەش دانانرێت بە دەرچوون لەناوەرۆکی دەقی سەرەکی و کاریگەری لەسەر تێکدانی واتا نییە بۆ نمونە هەندێ جار نابیست تەنها ئاماژەیەك دەخاتەڕوو لەبەرامبەردا هەڵگری دوو یان سێ وشەی درکاوە یان ڕستەیەك یان دوو ڕستەی درکاوە یان بە پێچەوانەوە. بۆنمونە وشەی (برایەتی) لە زمانی ئاماژەدا ئاماژەیەکی لێکدراوە تەنها دوو جوڵەیە بەم شێوەیە، پەنجەی دۆشاو مژەو ئەسپێ کوژەی چەند جارێك دەستی ڕاست جووت دەکرێ و لەیەك دوور دەخرێتەوە ئاماژەیە بۆ برا پاشان پەنجەی دۆشاو مژەی دەستی ڕاست دەخرێتە سەر شادەماری مەچەکی دەستی چەپ و ئاماژەی بڕین دەکرێت بەڵام هەڵگری پەرەگرافێکە شرۆڤەکەی:

ئێمە برای خوێنین یەك چارەنوس و یەك بارودۆخ کۆمان دەکاتەوە کە ئەویش بەربەستی بیستنمانە و میراتە زمانییە لەیەکچووەکەمانە.

د-شرۆڤەکردنی لایەنەکانی سەرسوڕمان و تێڕامان و واتا نامۆکان:-

ئەم لایەنە بەگوزارشتی ڕوخسارو ئاماژە بێ چپەکان و جوڵەکانی چاو و برۆو جوڵاندنی لەشی دەنوێنرێت، بە شێوازە زمانییەکان دادەنرێن لە زمانی جەستەدا و بەرامبەر ئاوازە دەوەستێت لە زمانی درکاودا و شرۆڤەی زیاتر بەو هێمایانە دەدەن کە تەنها بە ئاماژەکان ناتوانن واتای تەواو بدەن بەدەستەوە و جوانییەکی تایبەت بەڕستە ئاماژەییەکان دەدەن سەرنجی نابیستان ڕادەکێشێ و لەهەمان کاتدا هاوکارێکی کاریگەرە بۆ تێگەیشتن و ڕەواندنەوەی لێڵی لەو واتایانەدا.

بۆ نمونە: ئاسودەیی

ئەم ئاماژەیە گەر گوزارشتی ڕوخساری لەگەڵ نەبێت واتای مەبەست نادات بەدەستەوە، نابیست هەردوو دەستی بە ستوونی لەبەرامبەر دەمیدا ڕادەگرێت و ورده ورده لەیەکی دوور دەخاتەوە.

بەڵام لەگەڵ دوورخستنەوەی دەستەکانی لەیەکتر و لە ئاستی دەمی ورده ورده جوڵە بە لێوەکانی دەکات و لەشێوەی زەردەخەنەیەکی ئارامدا تا دەگاتە پێکەنینێکی کەم گەر ئەم جوڵەی لێوەی لەگەڵدا نەبوایە ئەوا ئاماژەکە دەبووە واتایەکی تر.

## 3-2. پێوانەکردنی وەرگێڕانی باش:- ( يوسف القريوتي: 2009: 53)

1- وەرگێرانی باش تێگەیشتنی ئاسانە.

2- وەرگێرانی باش ڕەوان و گونجاوە.

3- وەرگێرانی باش بەپێی توانا هەڵگری گیانی ڕاستەقینە و بیرۆکەی ناوەرۆکی دەقە سەرەکییەکەیە.

4- وەرگێرانی باش دەتوانێ جیاکاری بکات لەنێوان کەلتورو ڕۆشنبیرییەکاندا. (سمير سمرين: 2013 :43).

5- وەرگێرانی باش شرۆڤە دەدات بەو وشانەی کە ناوی واتایین چەمکی زانستی و ئەبستراکتن.

6- وەرگێڕانی باش دەبێ لە توانایدا بێت ئەو زاراوانەی کە هەڵگری چەمکی ڕەوانبێژین وەریان بگێڕێت بۆ زاراوەکە ئاماژەیی کە گوزارشت لەو چەمکانە بکات.

## 4-2. ئاریشەکانی وەرگێڕان:-

وەرگێڕان کردەی پەیوەندیکردنەو هەموو کاتێك ئەم کردەیە سەرکەوتوو نابێت لەبەر هەبوونی چەند ئاریشەیەك کە گرنگترینیان ئەمانەن:

## 1-4-2. ئاریشە زمانییەکان:

ئەم ئاریشەیەش خۆی لەم ئاریشانەدا دەبینێتەوە :

1- خۆی لە نەبوونی زاراوەی ئاماژەیی دا دەبینێتەوە یان بە پێچەوانەوە.(سمير سمرين:2014: 47).

بەهێماکردنی وشەو دەستەواژە زمانییە درکاوەکان گەورەترین کێشەی زمانین کە تووشی وەرگێری زمانی ئاماژە دەبێت، زمانی ئاماژە هەمیشە پشت بە ئاماژە پەسنییەکان دەبەستێت، واتە دەبێت بۆ هەموو

وشە و دەستەواژەیەکی درکاو لەبەرامبەریدا لە زمانی ئاماژەدا وێنەیەك یان چەمکێکی پەسنی هەبێت و بەسترابێت بە هەستەکانەوە جگە لە هەستی (بیستن).

ئەم کرداری بەوێنەکردنەش هەموو کات فەراهەم نییە لەبەر کەمی ئاماژەکان بەتایبەتی ئەو وشانەی کە ( ئەبستراکتن، ناوی واتایین، زاراوەی زانستین) ئەم ئاریشەیەش ئێستا لە پەیمانگاو پرۆگرامەکانی خوێندندا مامۆستایان و وەرگێڕەکانی سەرقاڵ کردووە بۆ نموونە ( زاراوەیەکی زانستی وەکو ( هۆرمۆن، مادده، ئەنزیم) ئەم سێ زاراوەیە سێ شتی جیاوازن و ئەرکەکانیان ڕۆڵیان جیاوازە کەچی لە زمانی ئاماژەدا تەنها یەك ئاماژە نوێنەرایەتی هەر سێ زاراوەکە دەکات ئەویش بەیەك گەیاندنی پەنجەی ئەسپێ کوژە و دۆشاو مژەو لەیەك خشاندنیانە کە لە بنەڕەتدا ئەو ئاماژەیە بۆ گوزارشتکردنە لە شتێ زۆر بچوك و لێرەدا بەناچاری ئەو زاراوانە بەشتی زۆر بچوك نوێنراوەو یەك ئاماژە نوێنەرایەتی واتا جیاوازەکانیان دەکات.

2- ئاماژە ئایینیەکان بەتایبەتی ئەو ئاماژانەی پەیوەستە بەناوی خوداو پەسنی ناوەکانی خوداو چەمکەکانی ئەو ناوانە و بەهێما کردنیان، دیارە ئەمەش لەڕووی ئایینیەوە ڕێگەپێدراو نییە و قەدەغەکراوە.

3-پەسنی ئەو ئاماژانەی کە پەیوەستە بە بەشەکانی جەستەو ئەرکەکانیان بەتایبەتی ئەو بەشانەی کەناو و ئەرکیان تابۆن و تایبەتن بە جووت بوون و نەوە نانەوەوە (Sex).

4-هەبوونی جیاوازی لە بنیادو پێکهاتەی ڕێزمانی هەردوو زمانەکەدا.(بدر: 2002: 87).

5- لێڵی واتایی لە زاراوە ئاماژەییەکاندا بەتایبەتی ئەو ئاماژانەی کە بە دوو ئاماژە یان زیاتر دەنوێنرێن.

6-کەم و کورتی لە چۆنییەتی داڕشتنەوەی ڕستە ئاماژەییەکاندا ئەم کەم و کورتیەش بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕێتەوە.

أ- هەبوونی جیاوازی لە ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی نابیستان و وەرگێڕەکاندا.

ب- هەبوونی کەموکورتی لە پەسنە ئاماژەییەکاندا بەرامبەر بە چەمکەکانیان.

ج- پشت بەستنی نابیستان بەڕستەی کورت بۆ چەمکی زۆر.

د- نەگونجانی چەمکی ئەو ئاماژانەی کە وەرگێڕ هەڵی دەبژێرێت بەرامبەر ئەو چەمکانەی کە لە هزری نابیستاندا هەن.

هـ- نەبوونی ڕێکەوتنێکی تەواو گونجاو دەربارەی زاراوەیەکی دیاریکراو لە نێوان وەرگێڕ و نابیستەکەدا بەپێی ئاستی ڕۆشنبیریان و پەسنی ورد بۆ ئەو چەمکەی کە ئاماژەکە دەینوێنێ.

بۆنمونە منداڵ پێش ئەوەی بێتە قوتابخانەی نابیستان کۆمەڵێك ئاماژە فێر دەبێت بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ خێزانەکەیدا پاشان کە دێتە خوێندنگا ئەو ئاماژانە دەبێت بگۆڕدرێت بە ئاماژەی یەکگرتووی فەرهەنگی

دابینکراو بۆ نابیستان پاشان کە دەچێتە دەرەوەی خوێندنگا بۆ نمونە بازاڕ و تێکەڵ بە هاوڕێی و هاوچینی خۆی دەبێت جارێکی تر پێویست دەکات کە ئاماژەکان بگۆڕێتەوە بە ئاماژەی گشتی نابیستان (بازاڕی) لێرەدا نابیست سێ ئاماژەی بەرامبەر یەك زاراوە و چەمك وەرگرت بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری و جۆری زاراوەکان ئەمەش وەرگێڕ تووشی کێشەی تێنەگەیشتن دەکات چونکە وەرگێڕ هەمیشە پشت بە فەرهەنگ و ئاماژە یەکگرتووەکان دەبەستێ بۆ نمونە زاراوەی (بەیانی باش) لەبەرامبەریدا سێ ئاماژە هەیە بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری نابیستەکان دەگۆڕدرێت بۆ هەر ژینگەیەك ئاماژەیەك بەرامبەر ئەو چەمکە بەکار دەهێنن. بۆ نمونە ئاماژەکانی زاراوەی (بەیانی باش) سێ ئاماژەی جیاوازی هەیە کە بە پێی ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵی نابیست جیاوازن:

1-بەیانی باش ژینگەی گشتی و بازاڕ

شێوەی ئاماژەکە = سڵاوکردنی ئاسایی لە شێوەی جوڵەی دەست

2-بەیانی باش ژینگەی خوێندنگا

شێوەی ئاماژەکە = پەنجەی دۆشاو مژەو ئەسپێ کوژە لە شێوەی بازنەیەکدا بەیەك دەگەیەنرێ و پەنجەکانی بەبڵاوکراوەیی دەمێننەوەو ئەم دەستە لەئاستی سنگەوە بەرز دەکرێتەوە تا سەرو ڕوخسار کە ئەوەش ئاماژەیە بۆ خۆر هەڵاتن.

3-بەیانی باش ژینگەی کۆنگرەو وۆرکشۆپ و وەرگێڕەکان

شێوەی ئاماژەکە= پەنجەکانی دەست بە داخراوی لە ئاستی سنگەوە بەرز دەکرێتەوە تا ئاستی سەر و ڕوخسار پاشان هەموو پەنجەکان پێکەوە دەکرێنەوە لەشێوەی پشکوتنی خونچەیەکدا کرانەوەی پەنجەکان ئاماژەن بۆ تیشکەکان و بەرزکردنەوەی دەستەکەش ئاماژەیە بۆ خۆر هەڵاتن.

وەرگێڕەکان هەمیشە ئاماژە یەکگرتووەکان بەکاردەهێنن چونکە پشت بە فەرهەنگە جیهانییەکان دەبەستن هەر بۆیە ئاماژەی سێیەم تاڕادەیەکی زۆر یەکگرتووە.

## 2-4-2. ئاریشە مەیدانییەکان:-

1- خێرایی جوڵەی دەستەکان و جوڵەکانی تری ئەندامانەکانی لەش.

2- تێنەگەیشتنی هەندێ لە شێوەزارەکان و زمانە ئاماژەییە ناوخۆییەکانی تایبەت بە چینی نابیستان.

3-دیارنەبوونی قسەکەر سەبارەت بە وەرگێڕ.

4- خێرایی قسەکەر (زمانی درکاو).

5- پچڕاندنی دەنگ.

6-نزمی شوێنی وەرگێڕ بەرامبەر بە بینەران.

7- بوونی جوڵەو نائارامی لەناو هۆڵ و شوێنی وەرگێران.

8-پشتنەبەستن بەهەموو ڕێگاکانی پەیوەندیکردن لەکاتی وەرگێراندا بۆ زمانی ئاماژە - جوڵەی دەست- جوڵەی لێوەکان- جوڵانەوەی سەر و زمان – گوزارشت کردن بە برۆ و چاوەکان.

9-تێکەڵبوونی دەنگەکان (زمانی درکاو).

10-کورتکردنەوەی ڕستە دووردرێژەکان بە ڕستەی کورتی ئاماژەیی.

11- شەرم کردن و ترسان لە بینەران و کامێراکان.

12- هەستکردنی وەرگێڕ بەوەی کە وەرگێرانەکەی پاراو نییە و ڕێژەی تێگەیشتن کەمە.

ئەنجام و پێشنیاز:-

ئەنجامەکان:

ئەو توێژینەوەیە ئەم ئەنجامانەی خوارەوەی لێ دەکەوێتەوە:

1- دەق لە زمانی ئاماژەدا بوونی نییە چونکە کەرەستەکانی دەقبەستی لە زمانی ئاماژەدا دەکەون و پەك دەخرێن.
2- لە زمانی درکاودا وەرگێڕان لە زمانی یەکەم بۆ زمانی دووەم مامەڵە کردنە لەگەڵ توانست ( Competence )ی زمانی یەکەم و ( Performance ) چالاکی لە زمانی دووەمدا، بەڵام لە زمانی ئاماژەدا مامەڵەکردن لەهەردوو باردا لەگەڵ توانستە، وەرگێڕ لە هونەری یاریکردن بە وشەو داڕشتنی جوان دادەبڕێ.
3- بەشە ئاخاوتنەکانی وەکو ئاوەڵکارەکان ( لەسەر ، لەژێر، شەو، ڕۆژ ...هتد) کارا دەکرێن، بەڵام ئامرازەکانی بەستنەوە پەك دەخرێن.
4- تەمومژی لە زمانی ئاماژەیا ئەوکاتە دروست دەبێت کاتێك ئاماژەکانی نێوان نێرەر و وەرگر هەمان هێما نەبێت.

پێشنیازەکان:-

1- نەبوونی وەرگێری زمانی ئاماژەی کوردی لە هەرێمی کوردستان کە دەرچووی پەیمانگای وەرگێڕانی زمانی ئاماژە بن و هەڵگری بڕوانامەبن لەم بوارەدا، یاخود بەلایەنی کەم بڕوانامەی سەنتەرێکی فێربوونی زمانی ئاماژەیان پێ درابێت و بەفەرمی لەلایەن دەوڵەتەوە ناونیشانی وەرگێڕیان پێ بدرێت و بتوانن لە دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا بۆ جێبەجێکردنی کاری نابیستان و ئەنجامدانی کردەی پەیوەندیکردن کاری وەرگێڕان بکەن. ئەو وەرگێڕانەی کە هەن لە پەیمانگاکانی هیوای نابیستاندا لەبنەڕەتدا مامۆستان و دەرچووی کۆلێژ و پەیمانگای مامۆستایانن لە ئەنجامی کارکردن و ئەزمونیان لەگەڵ قوتابیانی نابیستدا فێرە زمانی ئاماژە بوون بەڵام شارەزاییەکانیان سنوردارەو تایبەتە بە پسپۆڕی وانەکانەوە واتە ناتوانن کردەی وەرگێڕانی گشتی ئەنجام بدەن و جگە لە پەیمانگاش لە هیچ شوێنێکی تر بەدی ناکرێن.
2- دیاریکردنی پەسنی ئەرکی هەریەك لە مامۆستایانی پەیمانگای نابیستان و وەرگێڕکان کە لە کاتی ئێستادا مامۆستاکان هەردوو ڕۆڵەکە دەبینن کە لە بنەڕەتدا ئەرك و ستراتیژییەت و ئامانجی هەردوو کاراکتەرەکە جیاوازەو لێرەدا ئەرکەکانیان دەخەینەڕوو.

أ-ئەرکی مامۆستا:-

1- خستنەڕووی بابەت و شرۆڤەکردنی گشتی بابەت.

2- شرۆڤەکردنی چەمکەکان بەتایبەتی چەمکە نادیارەکان و ئەبستراکت و زانستییەکان.
3- بەکارهێنانی هۆکارەکانی گەیاندنی بابەتی وانەکە.
4- بەکارهێنانی ڕێگاکانی وانەگوتنەوەتایبەت بە پەروەردەی تایبەتەوە بەپێی جۆری وانەکان (زانستی – مرۆڤایەتی).
5- دیاریکردنی ئامانجی گشتی و ئامانجی تایبەتی لە وانەکان.

ب-ئەرکی وەرگێڕ:-

1- تێگەیشتنی وانەکەو بابەتەکە.
2- تێگەیشتنی تایبەتی هەبێت بۆ ناوەرۆکی وانەکەو زاراوەکانی.
3- ئاگاداری ئەو سەرچاوانەبێت کە مامۆستای وانەکە بەکاری دەهێنێت تاوەکو چەمکە زانستییەکان بەڕوونی وەربگێڕێت.
4- زانیاری تەواوی هەبێت لەسەر ئەو یەکە ئاماژەییانەی کە نوێنەرایەتی چەمکە سەرەکییەکانی ناو وانەکان دەکەن.
5- شرۆڤەکردنی چەمکەکان و یەکە زمانییەکان کە پەیوەندیان بە دەقە فێرکاریەکانەوە هەیەو مامۆستا لەکاتی وانەگوتنەوەدا بەکاریان دەهێنێت بەتایبەتی یەکە زانستییەکان و یەکە ئەبستراکت و واتاییەکان.
6- بەکارهێنانی سەرچاوەی زانیارییەکان وەکو فەرهەنگەکانی زمانی ئاماژەو ئەنتەرنێت و کتێبخانە، قوتابیانی نابیست و مامۆستایانی ناو پەیمانگای نابیستان.

3- ستراتیژیەتێکی جێگیر بۆ وەرگێڕان لە زمانی ئاماژەدا نییە کە گونجاوبێت بەهەموو وەرگێڕەکان و بۆ هەموو بابەتەکان دەست بدات بۆیە وەرگێڕەکان پەنا بۆ چەند ستراتیژیەتێك دەبەستن بەتایبەتی لەکاتی وەرگێڕانی واتاییدا بەڵام لە وەرگێڕانی وشە بەوشە دا تەنها پشت بەیەك ستراتیژیەت دەبەسترێت.
4- وەرگێڕان لە زمانی ئاماژەدا تەواو جیاوازە لە وەرگێڕان لەنێوان زمانە درکاوە جیاوازەکاندا چونکە زمانی ئاماژە لەڕووی بنیاد و ڕێزمان و گوزارشتکردنەوە لە زمانی درکاو جیاوازە.
5- میتۆدەکانی تایبەت بە وەرگێڕان گەلێك زۆرن بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە بەتەنها یەك میتۆد ئاماژەی بە وەرگێڕان کردووە لە زمانی ئاماژەدا ئەویش میتۆدی ڕۆمان جاکوبسنە لە خاڵی سێیەمدا ئاماژەی بە گۆڕینەوەی هێمای زمانی کردووە بۆ هێمای نازمانی.

## ملخص البحث

يتّخذ هذا البحث من أهميّة الموضوع الرئيس مصدراً له، والذي هو موضوع (الترجمة في لغة الإشارة)، ومعروف أنّ هذا الموضوع أصبح الآن محوراً رئيساً على اعتبار أنّه يخصّ شريحة من المجتمع وعدداً كبيراً من الصمّ، إذ انخرط جزء منهم في سوق العمل والمدارس، أمّا الجزء الآخر منهم فهم بحاجة إلى التواصل اليومي ليأخذوا دورهم كأفراد في المجتمع.

ولانجاز هذه العلاقة الاجتماعية بين شريحة الصم وغيرهم وتفعيلها يكون لعملية الترجمة ولمترجمي لغة الإشارة دورٌ بارزٌ، وقد انطلق البحث من هذا المنظور ليتناول موضوعه. وقد اشتمل البحث على مقدمة ومبحثين، تناول المبحث الأوّل عدة محاور منها تعريف بالعنوان وتقديم المفاهيم الخاصة به ومن ثمّ عرض محتوى الدراسة ونبذة عن تاريخ الترجمة بلغة الإشارة وكذلك نبذة عن تاريخ الترجمة في إقليم كوردستان، فضلاً عن الحديث عن أهم نظريات الترجمة بلغة الإشارة.

أمّا المبحث الثاني فقد خصص لمحاور تناولت عناصر عملية الترجمة وأشكالها واستراتيجياتها وكذلك مشاكل عملية الترجمة، وقد كان ضروريّاً تحليل بعض النماذج وتناولها وبالأخص في استراتيجيات ترجمة لغة الإشارة، وبعد ذلك تناول الباحث في هذا المبحث تقييم الترجمة الجيدة من لغة الإشارة. وبعد عرض النتائج والاقتراحات تأتي المصادر الكوردية والعربية والانكليزية.

# Abstract

The importance of the paper starts from the main title "Translation from the Sign Language". The topic has now become the main focus of researchers as it is related to a large number of the deaf in our community, some of whom work in business , school, and some others need daily contact and have their roles in the community. In order to activate the social relationship between hearing class and deaf class, translation and translators of sign language have great roles. For the above mentioned reasons, the paper is prepared; the paper is divided into an introduction and two parts.

The first part of the paper is devoted to definitions, concepts related to the title and the content of the paper as well as the history of translation from the sign language and the history of translation in Kurdistan Region, and the methods and theories of translation from the sign language.

The second part of the paper has some sections which consider the elements of translation, types of translation, strategies of translation, and the problems of translation. In some sections of this part, some examples were analyzed particularly from the strategies of translation from the sign language. Later in this part of the paper, problems of translating sign language and assessing good quality translation from the sign language were mentioned. The paper ends with conclusion and list of references in Kurdish, Arabic, and English.

## لیستی سەرچاوەکان:-

### بە زمانی کوردی:


1- پەروین عثمان:(2009)، واتاو وەرگێڕان، (چ1) چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر.
2- چۆڵی ئەسعەد:(2013)، زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا، چاپخانەی کەمال،سلێمانی.
3- غازی فاتح وەیس:(1983)، وەرگێڕانی ئەدەبی، المكتبة الوطنية للطباعة،بغداد.


### بە زمانی عەرەبی:


4- الامم المتحدة:(2007) اتفاقية حقوق الأفراد ذوي الاعاقة، ط2،مكتبة الانجلو المصرية-مصر.
5- بدر الدوخي:(2002)، نظم وقواعد لغة الاشارة الكويتية، الشركة المتحدة للتوزيع،الكويت
6- راكان حبيب وآخرون:(2001)، مقدمة في وسائل الاتصال، ط1، مكتبة زهران للنشر والتوزيع،جدة.
7- سمير محمد سمرين:(2014)، الصور الدماغية ودورها في تشكيل الثقافة اللغوية عندالصم،عمان،الاردن.
8- سمير محمد سمرين:(2013)، الدليل المهني للترجمة والمترجم بلغة الاشارة ،ط1، عرجان،الاردن.
9- لور آن بتينو:(1996). لغة الاشارة هي لغة حقيقية ، ترجمة لطيفة سكانز،قطر،الدوحة.
10-طارق الريس:(2007). لغة الاشارة والاعلام المرئي (رؤية واقعئية) ،ط1،بحرين.
11-عبدالعليم محمد عبدالعليم:(2011). مترجم لغة الاشارة في الفصول الدراسية العامة ( الواقع المأمول)، ط1،عالم الكتب،القاهرة.
12-محمد البنعلي:(2006). الترجمة الاشارية (آفاق و تطلعات)ط1، الدوحة-قطر
13-يوسف التركي: (2005)، تربيه وتعليم التلاميذ الصم وضعاف السمع،ط1، الرياض، مكتبة الملك فهد الوطنية.


### بە زمانی ئینگلیزی:

14- Akbari,Monireh.(2013). Strategy for translation Idioms, journal of academic and applied studies (special lessen) applied linguestics,vol,3,august 2013.

15- Andrews,J. & Mason,J.(1986). How do deaf children learn about prereading ?American analyses of the deaf.

16- Corney,E.(2004). Relayed interpretation from English to American Sign Language Via a hearing and deaf interpreter.

17- Forestal,L.(2001). A Study of deaf leaders attitudes towards sign language interpreters and interpreting. United States -New York University of New York.

18- Seal,B.(2004). Best Practice in educational interpreting. Boston: Allyn & Bacon.

19- Smith,D.(2007). Introduction to Special Education: making a Difference ,Boston: Allyn & Bacon.

20- Stokoe,W.C.(1960),Sign Language, Silver Spring, MD:Linstok Press.

21- Taylor,M. (1993) Interpretation skills: English to American Sign Language, Edomonton.